| | |
|---|---|
| بیانکوژن!<br>بە قسەمان کردن، ئێمەش لە منالّی شەش حەوت ساڵانەوە بگرە تا پیرە پیاوی شێست حەفتا ساڵانمان بە قۆنداخە تفەنگەکان دەکوشت.<br>فەرماندەکان ئەمجارە وتیان، حەیفە، تفەنگەکان خراپ دەبن! ئێمەش دەستمان دایە گۆپاڵی دار بەڕوو ئەمجارە بە گۆپاڵ ئەوەندەمان لە منالّەکان ئەدا تا دەمردن...!!! | بەر ئەوەی فیشەک گرانە، بەڵکو بە چەقۆ سەریان ببڕن و لاشەیان لێ بکەنەوە و دواتر سەریان لە شوێنە گشتیەکان هەڵبواسن و با خەڵک بیبینێت و پەندی لێ وەرگرن، بە بەر چاوی کامیراکان و لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوی بکەنەوە. |
| کوردبوون قەدەغەیە و هەرکەس لە تورکی زیاتر، زمانێکی تر بە کار ببات، سزا دەدرێ، هەرچی زووترە دەبێ دێرسیم لە کوردایەتی بشۆرێتەوە | ئێزیدی بوون و کورد بوون قەدەغەیە هەر کەسێ جودا لە بیر و باوەڕی ئەوان بێربکاتەوە و موسڵمان نەبێت، ئەبێ بمرێت و بکوژرێت یاخۆد ببێتە ئیسلام و ئیسلام بوونی خۆی ڕا بگەیەنێت و لە کورد بوون و ئێزیدبوون بسڕێتەوە. |
| کچێکی رزگار بووی رەشە کوژیی دێرسیم کە ئەو کات تەمەنی١٠ساڵان بوو، وتی: کاتێ دەمویست خۆم لە ژێر بەردێکدا حەشار دەم، سەربازێک منی بینی و تەقەی لێ کردم. بۆ لام هات و بە سەرم دا گوراندی. لە پێش خۆی دام و بە پاڵ پێوە نان بردمی بۆ ئەو شوێنەی کە منالّەکان و ژنەکانیان لێ کۆ کردبووەوە. هیوادار بووم کە لەوێ بتوانم بنەماڵەکەم بدۆزمەوە، بەڵام هیچ کامیان لەوێ نەبوون، بە سەدان منالّ و ئافرەتی لێ بوو پاشان بردیانین بۆ ئەلازیغ... | کچێکی تەمەن 14 ساڵانی رزگار بووی دەستی تیرۆرستانی داعش، ئەوە ناشارێتەوە کە دوای جیاکردنەوەی ژنە بە تەمەنەکان لە گەڵ ژن و کچە رفێنراوە بچووکەکان، لە لایەن چەکدارانی داعش ڕوو بە ڕووی دەستدرێژی بە کۆمەڵ بوونەتەوە، دەڵێت:<br>هەموومان بۆ زیندانی بادۆشی نزیک موسڵ گواسترایینەوە، هەر لەوشوێنە زیاتر لە هەزار ژن و منداڵی دیکەی کوردی ئێزیدی لێ بوو.<br>چارەنووسی ئەو رفێنراوانە فرۆشتنە بەو کەسەی کە زۆرترین نرخیان پێ دەدات. |
| لە ساڵی ٢٠١٠ ئەردۆغان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو کات و سەرۆک کۆماری ئێستای تورکیا لە بارەی کوشتاری دێرسیم دەڵێ : تاوانی دێرسیم یەکێکە لە تاڵترین و تراژیدیاترین | لە ئابی ٢٠١٤ دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی لە بارەی جینۆسایدی کوردە ئێزیدیەکان وتی: ئەوەی لە شنگال ڕوویدا تەنیا بە سەر خوشک و برا ئێزیدیەکاندا نەهاتووە بەڵکو |

| ڕووداوەکانی مێژووی نزیکمان | زامێکە هەموومان ئازار دەدات. |
| --- | --- |
| لە ساڵانی 1937 و 1938 و 1939 لە دێرسیم درامایەکی گەورە ڕووی دەدا، لە ئاسمان و زەوییە ناوچەکە و دانیشتوانی تۆپباران دەکران، تەنانەت بۆمبی گازی ژەهراویش لە دژی خەڵک بە کار هێنرا. لە دێرسیم هەر شتێ بجووڵایە لێی دەدرا، منداڵان و ژنان گولەباران دەکران | لە مانگی ئابی ٢٠١٤ لە شنگال تراژیدیایەکی گەورە ڕوویدا، هەموو شار و شارۆچکەکان چۆڵ کران و هەر کەسێ بدیترایە دەکوژرا یاخود دەستگیر دەکرا، سەدان کەس گوللە باران کران و هەزاران ئافرەت و منداڵ دەستگیر کران و سەدان کچ دەستدرێژی سێکسیان کرایە سەر و کڕین و فرۆشتنیان پێ کرا |
| هەزاران کەس کە نازانرێ ژمارەیان چەندە لەو مەرگەساتە کوژران (منداڵ، ژن و پیر) بە بێ جیاوازی، هەزاران ماڵ وێران کران، دەیان هەزار سەرە مەڕ و ماڵات تاڵان کران و هەزاران مرۆڤیش بە زۆر لە زێدی باب و باپیرانیان بۆ ڕۆژئاوای تورکیا راگوێزران | هەزاران کەس کە نازانرێ ژمارەیان چەندە لەم مەرگەساتە بە ژن و منداڵەوە گوللە باران کران و دەیان ماڵ و شوێنی پیرۆزی ئێزیدیەکان تەقێنران و سوتێنران، بە هەزاران مەڕ و ماڵات لە برسان و لە تینوویەتیان مردار بوون و تاڵان کران و سەدان هەزار کەسیش بە ناچاری لە ترسی مردنێکی ڕاستەقینە زێدی باب و باپیریان بە جێهێشت و بۆ ناوچە ئارامەکانی باشووری کوردستان ئاوارە بوون |
| هەر ئەفسەر و سەرباز و کار بە دەستێکی ڕەگەز پەرستی تورک ئازادن لە ڕاو کردنی دانیشتوانی دێرسیم و ئەتک کردنی ژنانی کورد و دوای ئەوەش کوشتنیان و کوشتنی منداڵەکانیان و بردنی کچانی کورد و بەخشینیان بە ئەفسەران و کار بە دەستانی تورکدا. | هەر ئەمیر و چەکدارێکی داعش ئازادن لە ڕفاندن و ڕاو کردنی کچان و ژنانی ئێزیدی و کوشتنی منداڵەکانیان و تەنانەت کوشتنی ژنەکان دوای دەستدرێژی کردنە سەریان و کڕین و فرۆشتی ئەم کچانە وەک کۆیلە لە بازاری تایبەتدا |
| خەڵکێکی زۆر بە تایبەت ئافرەتی بە تەمەن و منداڵ و بەساڵاچووان لە ئەنجامی ڕاگواستندا گیانیان لە دەستدا | بە سەدان ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتە لە چیای شنگال و لە ئەنجامی کۆچڕەویدا گیانیان لە دەستداوە |
| بە پێی ئامارە فەرمیەکانی حکومەتی ئەو کاتی تورکیا(13806)کەس کۆمەڵ کوژ | بە پێی ئامارە نا فەرمیەکان زیاتر لە (600)کەس لە گۆڕی بە کۆمەڵدا |

| | |
|---|---|
| کران، بەڵام ئامارە نافەرمیەکان ئەم ژمارەیە بە 40 –50 هەزار کەس مەزەندە دەکەن و هەروەها بە پێی بەڵگە نامەکانی دەوڵەت ژمارەی ڕاگوێزراوان تا ساڵی 1938 گەیشتبووە 11683 کەس و هەزارانی تریش بەرنامە و پیلانی ڕاگواستنیان بۆ دانرا بوو. | کومەڵکوژکراون و سەدانی تر لەو لاو لەم لا کوژراون و زیاتر لە (4500) ئافرەت و مندال رفێندراون، بە هەزاران کەسیش دەستگیر کراون و زیاتر لە 300 هەزار کەسیش ئاوارەی چیای شنگال و دواتر ناوچە ئارامەکانی کوردستان بوونە |

رێبوار رەمەزان بارزانی